# هەڵوێستی تاڵەبانی لە سەر بزووتنەوەی دژی شەر

عوسمان حاجی مارف
ghafur@ukonline.co.uk

خۆنیشاندانی نارەزایەتی زیاتر لە 10 ملیون ئینسانی ئازادی خواز بە دژی شەرخوازی و هێرشی دەوڵەتی ئەمەریکا بۆ سەرعێراق، تەواوی دنیای لەرزان، مەزنترین هێزی ئینسانی لە هەر پێنج کیشوەری جیهاندا هاتە مەیدان بۆ وەستانەوە لە بەرامبەر مەترسی و هەرەشەی جەنگی سەرمایەداران بۆ سەر بەشەریت. ریزیی بەرینی ئەو نارەزایەتیە رای گەیاند دەبێت شەر بوەستێت، ئابلوقەی ئابووری هەلگیریت، ئامانجی ئەسڵی ئەو بزووتنەوەیە. زۆر ئاشکرا بەدژی شەرخوازی دەولەتی ئەمەریکا و شەرو کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی عێراق و وێران کردنی بنەماکانی ژیانی ملیۆن ئینسانی عێراق خۆی نیشاندا.

گەورەیی وبێ وێنەیی و مەزنی ئەو بزووتنەوەیە لەوەدایە بە توندی و راشکاوی و نەفرەتی لە جەنگ کرد و کۆنەپەرستی و شەرخوازی دەولەتانی ئەمەریکا و بەریتانیای ریسواو مەحکوم کرد و رای گەیاند ئینسان دۆستی و ئازادی خوازی زیندووە و هێزیکی گەورە و بێ وینەیە.

خەڵکانی ئینسان دۆست، ئازادی خواز، یەکسان خواز و ئاشتی خوازی دژ بەشەر لە 600شاری گەوەری دنیادا زیاتر ئاشکرایان کرد هێرشی دەوڵەتی ئەمەریکا بۆ سەر عیراق بۆ لە ناوبردنی چەکی کیمیاوی نیە، بۆ روخانی دیکتاتۆر نیە، ئەو هێزە مەزنە بانگەوازی گواستەنەوەی دیموکراتیەتی ئەمەریکا و رۆژئاوا بۆ رۆژهەلأت زۆر بە سادەیی بە درۆ خستەوە.

هەوڵەکانی هێرشی دەوڵەتی ئەمەریکا بۆ سەرعێراق بەمەبەستی باڵادەستی بەسەر جیهان و کۆنترۆلی ناوچەی رۆژهەلأتی ناوەراست و کێشەکانی نێوان ئەندامانی مەجلسی ئاسایشی وولأتە یەکگرتووەکان لە سەر قەیرانی عێراق کێشرایە سەر ململانیەکی وەها جدی، کە بە وێنەی پێش مەرجەکانی جەنگی جیهانی نێوان سەرمایەدارانی جیهانی خۆی دەنواند، ئەمەریکا و بەریتانیا و بەشیك لە ئەورپای یەکگرتوو لەلایەك، فەرەنسا و ئەلمانیا و روسیا و چین لە لایەکی ترەوە، لە بەرامبەر یەکدا وەستاونەتەوە، گەر لافاوی نارەزایەتی ئەو بزووتنەوە ئنیسانیە ئاوا دنیا نەلەرزێنێ بە ئاشکرا بەدوای جەلسەی ئەندامانی مەجلسی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژێر ناوی کێشەی عێراقدا، ئەگەری خولقاندنی جەنگێکی جیهانیە، ئەو راستیە دێتە بەر چاو کە مەسەلەی ئەمەریکا عێراق و حکومەتی عێراق نیە، بە لکو بە ئاشکرا زلهێزی و باڵادەستیە بەسەر جیهاندا، هەر ئێستا لەسەر مەسەلەی عێراق دەیەوێ جەنگێکی زۆرە ملێ سازبکات و عێراق و ناوچەکەش دەخاتە بەردەم بارودۆخێکی زۆر پر سامناك و مەترسی دارەوە، بەلام هەر ئەو هێزە ئینسانی و ئازادی خوازە مەزنەی سەدەی بیست و یەکە، کە رێگرە لەوەی تەجروبەی جەنگی جیهانی سەرمایەداران وا بەئاسانی بقەومێ و هەموو شوێنێکی دنیا بگرێتەوە.

تەواوی بەشداربوانی خۆنیشاندانی 10 ملێونی لە جیهاندا ئاشنان بە درندەیی و دکتاتۆریەتی رژێمی عێراق و شەخسی صدام حسێن، بەڵام هاتنە مەیدانی ئەو ریزە بەرینە لە ئینسان دۆستان و ئازادی خوازان هوشیاریانە بە شەری ئەمەریکا و ئامانج و سیاسەتەکان و ئاکامە پر کارەساتەکانی ئەو شەرە، بۆیە هەر هەستێکی کەمێ ئینسانی ناتوانێ وا بە ئاسانی چاوەروان کات و نارەزایەتی خۆی دەرنەبریت تا سەدان هەزار ئنسانی بێ تاوان بە بەر چاویەوە لە عێراقدا ببیتە سوتەمەنی سیاسەتی شەرخوازانەی دەوڵەتی ئەمەریکا.

کەچی لە گەرمەی ئەم واقعیەتە هەڵچوە ئینسانیەی دنیادا، تازە جەنابی جەلال تالەبانی نیگەرانی خۆی لە تەرحی دیبلۆماسیانەی فەرەنسا بۆ کێشەی عێراق دەر ئەبرێت و پەلەیەتی بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئەمەریکا هێرش کاتە سەر عێراق، یان دەلێت "خۆ بومەلەرزە نابێت گەر ئەمەریکا بۆ سالێك یا دووساڵ حوکمی عەسکەری عێراق بکات"، ئەمە چ شەرمەزاریەکە لە بەرامەبەر ئینسانیەتدا رابەرپکی ناسیۆنالستی کورد بێ پەردە نوێنەرایەتی دەکات، یان راستیەکەی هەر ئەوەیە کە ئەحزابی دەسەلاتدار لە کوردستاندا هەمیشە نوینەر کۆنەپەرستی و بزووتنەوەی دژی ئینسانی بوون، ئەو بزووتنەوە مەزنەی نەفەرت لەشەر دەکات و بەرگری لە ژیان و بەرژەوەندیەکانی خەڵکی عێراق و کوردستان دەکات، جەلال تالەبانی و هیزەکەی و رۆشنفکرانی ناسیۆنالستی کورد پێی غەریبن و بە لکو ئیستا بەرژەوەندیان لە گەل شەرخوازی دەوڵەتی ئەمەریکا و ئەو تراژیدیایەکە کە بەسەر خەلکیدا بێت. کە پیشتریش بەرژەوەندیان لە گەل سەرۆك صدام و حکومەتی نیشتمانی بەعسدا بووە.

ستراتیژی ئەحزابی ناسیونالستی کوردی هیچ کات روخانی رژێمی دکتاتۆری نەبووە و بەتەنگ ئەوەوە نەهاتوون دکتاتۆریەت و ئیستبداد لەسەر ژیانی خەڵکی هەڵبگرن، هەمیشە کێشەیان لە گەل رژیمی بەعسدا رازی بون بووە بە بەشداریەکی زۆر کەم لە دەسەڵاتی سیاسی هەمان رژێم لە دەستوور و یاسای نا ئینسانیدا، وە حکومەتی بەعسیش هیچ کات قەبولی نەکردون و پێی نەداون بگرە زۆرجار ریسواو رەزیل و مل کەچی کردون.

ئیستا کە دەوڵەتی ئەمەریکا لە چوارچێوەی نەخشە سیاسیەکانی و بۆ باڵادەستی بەسەر ناوچەکەدا دەیەوێ ئاڵوگۆریەك لە دەسەڵاتی سیاسی عیراق پێك بهێنێ، بۆ کۆنترۆڵی عیراق و ناوچکە جگە لە حاکمیەتی عەسکەری خۆی ئەلتەرنەتیفێکی تر شك نابات، ئەحزابی ناسیۆنالستی کوردیش زۆر بۆیان رۆشنە کە ئەمەریکا بۆ لە ناوبردنی دکتاتۆریەت نەهاتووە لەسەر ئەمەش کێشەیەکیان نییە، بەلام ئەزمەیەکی سیاسی جدی کە ئەحزابی ناسیۆنالستی کوردی دەرگیری بوون و چارەنوسیان لە درێژی کێشەی ئەم 12 ساڵەی عێراقدا نادیاربووە، دەیانەوێ وەرقەیەکی تر بخەنە ناو بازنەی سیاسەتەکان و هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق، بەلکو شانسێکی تر لە بەردەوامی هەلسورانی سیاسیان هەبیت بۆ بەشداربوون بەهەر قیمەت لە ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی عیراقدا شتێکیان بەر کەوێت، دەنا بۆ خۆشیان نازانن چی بڵێن چونکە پروپاگەندەیەك لەسەر دیموکراتیەت و عێراقێکی یەکپارچە و فدارلیەت دەیکەن بە ئاشکرا زمانیان دەیگرێ و تەتەڵە دەکات، دەنا "فدرالیەت و حاکمیەتی عەسکەری ئەمەریکا" هەر لای ئەحزابی ناسیۆنالستی کورد بە سەرۆکایەتی جەلال تالەبانی مامەلەی پێ دەرکرێت.

خەڵکی کوردستان هەرچی زووترە دەبێت لە بەرامبەر ئەم سەرگردانی و بێ سەرەوبەریەی ناسیونالستی کورد فریای خۆیان کەون و رێگە نەدەن ئەحزابی دەسەلاتدار لە کوردستان یاری بە چارەنوسیان بکەن و کوردستان بکەنە مەیدانی شەر و کارەساتی کیمیا بارانی هەلبەجەیان بۆ دووبارە بێتەوە، ئەم بزووتنەوە جیهانیەی ئەمرۆ سەنگەر بەندیەکی گەورەی گرتووە لە بەرامبەر دەوڵەتی ئەمەریکا و سیاسەتی بالادەستی و شەرخوازانەی بەسەر جیهاندا، بەدژی نا ئەمنی و مالویرانی و کارەساتی نائیسنانی‌یە، رزگاری خەلکی کوردستان لە نارۆشنی چارەنوسی سیاسی و وەزعی هەلواسراوی، لە زولم و ستەم و لە نەگەرانەوەی دەسەلاتی بەعس و کارەساتەکانی جەنگی ئەمەریکا، پەیوەست بوونە بەو سەنگەرە جیهانیەوە کە ئەحزابی ناسیۆنالست بە خۆیان و دروشمە سیاسیەکانیانەوە نەك لەو ریزەدا خۆیان نابیننەوە بەلکو بە دژیشی رادەوەستن.

لە کاتیکدا ریزی 10 ملیۆنی ئینسان دۆستی و ئازادی خواز نەفرەت لە سیاسەتی شەرخوازی ئەمەریکا دەکات و دنیای داگرتووە، بەلام ئەحزابی ناسیۆنالستی کوردی دووبارە بێشەرمانە ئیستا تأکید لە گرێدانی سیاسەتەکانیان بە بەرەی شەرخوازی و سیاسەتەکانی دەولەتی ئەمەریکا دەکەنەوە، ئاخۆ دەبیت ئیتر چ چاوەروانی و خۆش خەیالیەك بە ئایندەی دەسەلاتیان هەبێت جگە لە بەردەوامی نەهامەتی و سەرگەردانی بۆ خەلکی کوردستان، هەر هێزیك لە بەرەی ریزی فراوانی ئازادی خوازی و ئینسان دۆستی و یەکسانخوازیدا خۆی را نەگرێت ئەکیدە بەلأیەکی گەورە بەسەر ئەو خەڵکانە دێنن کە حوکمیان دەکات.

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لـەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەلاّم بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاّویدەکەینەوە. لـەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لـە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 2003–1–15